www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:13 2005-11-11

# ناهەقت نەبوو . ئیڤانا. . . ستیڤان شەمزینانی



هاوڕی پۆڵەندییەکەم (ئیڤانا تشوسکا) پارساڵ بۆ هاوکاریی کردنی هونەرمەندێکی کورد لە بەریتانیاوە هاتە کوردستان، بەڵام هەمیشە دەترسا، ترس لەتیرۆر و خێوەکانی ئەلقاعیدە، شەوێك لە یەکێك لە کافتریاکانی سەیرانگەی سەرچنار بووین، کاتی چەند دیمەنێکی خۆسازدانی تیرۆریستە ئیسلامییەکانی بۆ سەربڕینی دوو بیانی دی، ساتی چەقۆی بەدەستی چەند جەلادێکی دەم و چاو پێچراوەوە دی و سەرقاڵی ئەوەبوون قژ زەردێکی چاوشین بخەنە ژێر غەزەبی چەقۆکانیانەوە، (ئیڤانا) بەتەواوی زەندەقی چوو، ناچار بۆئەوەی ئەو ترسەی لەبیربەینەوە، تەسجیلی ئۆتۆمبیلەکەمان هەڵکردو گۆرانییەکی هەڵپەرکێی کوردیمان خستەسەر و بەجووت دەستمان کرد بەشایی و هەڵپەڕکی ئەو هیچی لەو سی پێی و شێخانییەی من نەدەزانی بەڵام هەر لەگەڵمدا هەڵدەبەزییەوە.

کاتی بەخۆم زانی هەموو سەرچنار سەیری ئێمە دەکەن، داخۆ چیمان بیستووە وا گەرم بووینەو کردومانە بەڕۆژی خۆمان. بەڵام شانسی قژ زەردەکەی (ئیڤانا) منیشی ڕزگارکرد لەتانەو تەشەری خەڵك و بەمجۆرە بۆ چەند دەمێکی کەم تیرۆر و تۆقاندن و وێنەی خوێنخۆرە ئیسلامییەکانم لەبیر بردەوە.

ئەو زۆر خەیاڵی لای تیرۆر بوو، هەمیشە سام دەیگرت، بەڵام هۆشیاریی ئەوەی هەبوو کوردستان لەبەشەکانی تری عێراق جودا بکاتەوە، بۆیە تارادەیەك لێرە هەستی بەئارامی و دڵنیایی دەکرد، بەڵام بەهەزار حاڵ توانیمان قەناعەتی پێبکەین تا لە سەفەرەکەماندا بەشاری کەرکوکدا تێپەڕین.

(ئیڤانا) ئەوەندە ترسا وابزانم هێشتا کەبیر لەعێراق دەکاتەوە موچرکە بەگیانیدا دی و هەست دەکات قارەمانێکی نموونەییە مادام توانیویەتی بچێتە وڵاتێك لەژێر ڕەحمەت و سێبەری چەقۆو شمشێری بەربەرییەکاندایە.

بەڵام من لەلای خۆمەوە وامدەزانی ئەوخۆ ترساندنەی (ئیڤانا) زۆرێکی لەخۆرایە و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن وا تیرۆریستەکانی قەبەو گەورە کردووە، وا هەستم دەکرد (ئیڤانا) زیاد لە سنوور خۆی دەترسێنی و بارودۆخەکە ئێجگار بەو جۆرە ترسناك و سامناك نییە وەك ئەوەی (ئیڤانا) لێی تێگەیشتووە. زۆرجار لەبەرخۆمەوە دەموت ئەم کچە هەندێك منداڵەو لەهیچی نەبوو خۆی دەترسێنی و هەندێك جاریش دەمووت ماڵی عەرەبیەو جەزیرە بەقوڕ بگیری وازەندەقی ئەم کچەیان بردووە.

بەڵام خۆشبەختانە زۆر زوو دەرمانی ترسەکەیمان دۆزییەوە و بەگۆرانی (بورتوقالە) هێمنمان کردەوە، بەڕاستی نایشارمەوە ئەوە کچە لەناو گوێگرتن لەو شەپۆلە لەگۆرانی کوردیی هۆگری هیچکامیان نەبوو، بەڵام هەر بۆ یەکەمجار گوێی لە گۆرانی (بورتوقالە) بوو

شەیدایی ئەو گۆرانییە بوو، خۆ هەر كاتی گوێی لە (بورتوقالە) دەبوو نەیدەهێشت كەس قسە بكات و زۆر بەشەق و شڕیش لاسایی سەمای كچە سەماكارەكانی دەكردەوە.
ماڵی (بورتوقالە) ئاوا بێت تۆزێك ئاهی هێنا بەدڵیدا و هەندێكیش بیری ئەوەی خستەوە، عەرەب ئەمجۆرە شتانەش دەزانن بێجگە لەتیرۆر. بەهەمەحاڵ (ئیڤانا) بە ئەندازەیەك ترساو نائارام بوو، مەگەر منداڵی كورد ئەوەندە لە شەولەبان و ئایشە گوێدرێژ ترسا بێت.
من ئەوسا سەرزەنشتی (ئیڤانا) م دەكرد و هەندێجار گاڵتەم پێدەكرد و بەترسنۆك و هیچ لەباردا نەبوو لەقەڵەمم دەدا، بەلآم كاتێك تیرۆرو دەستی ڕەشی جنۆكەكانی ئەلقاعیدە دەگاتە شارێكی ئارام و هێمنی وەك لەندەن و دەنگی میوزیكی پۆپ و ڕۆك و تەرانیمەی كەنیسە تێكەڵ بەناڵەی قومبەلەی چێنراو دەبی، ئیتر تێدەگەم (ئیڤانا) لە خۆڕا نەدەترسا و ناهەقی نەبوو.
كاتێك كوڕو كچە نازدارەكانی لەندەن لە گەرمەی سەمای یانەكانی دیسكۆدان، لەپڕ تەقینەوەی بۆمبێك شادیی و سەماكان تێكەڵ بەخوێن و فرمێسك و گریان دەكات ئەوسا دەزانم خێوە ڕەشەكانی ئیسلام چەندە مەترسین بۆسەر ژیانی هاوچەرخ و شارستانی ئەمرۆمان.
كاتی تیرۆریستانی شمشێر بەدەست و پاشماوەكانی عەقڵی عروبەی دواكەوتوو، بەبی ئەوەی بزانرێ داوای چی دەكەن و خاڵێكیان هەبی بۆ ڕێكەوتن وەك دەستووری هەموو جەنگێك، بەهەشتی سەر زەوی وێران دەكەن بەناوی بەهەشتێكی وەهمییەوە، شتی بەرجەستە لەناودەبەن لەپێناوی شتی نەبوو و نادیاردا.
ئینجا دەبی بزانم لە هەر كونجێكی ئەم دنیایە بم، لەجەمسەری باكور یان لە پێدەشتەكانی ئەمازۆن یان لەخوارووی ئەفریكا لە مەترسی قەعقاعەكانی سەردەم و ڕیش سیحراوییەكانی ئەلقاعیدە بەدوورنیم، بەڵكو بەجۆرێك لێوەی نزیكم هێندەی نزیكایەتی سێبەرەكەم لەخۆم.
ئاخر ئەمە چ بیمانایی و وەحشیگەرییەكە شارێك نەجەگی لەگەڵ ڕاگەیاند بیو نە بەنیازی كارێكی وابی، تۆی شەمشەكوێرە بەبی ئەوەی جورئەت بكەیت بە دەنگێكی بڵند داوای شتێكی لی بكەی و مەرجێكت لەسەری هەبی دەستی وێرانخوازیی خۆتی پێدەگەیەنیت.
خراپترین شت ئەوەیە نە هیچ عیلمانییەك و نە هیچ ئاینداڕێك نازانێت ئەو بەربەرییە دواكەوتووانە داوای چی دەكەن و چییان لە مرۆڤایەتی دەوی و لەسەر چی جەنگیان لەدژی جیهانی شارستانی و موتەمەدین بەرپاكردووە؟ یان لەسەرچی و بۆچی بۆمبێكی كوشندە لەبەردەم هۆتێلێك یان لەسەر ڕێگای میترۆیەك دادەنێن؟ بەكەس ناڵێن كی ئامانجیانە تادەستی رەشی خۆیانی پیبگەیەنن؟ ئاخر ئامانجی ئەوان لە لەناوبردنی مەلایەكی دینییەوە دەست پێدەكات تا كۆمۆنیستێك.
هێزێك ئەوەندە خەتەرناك و بیئامان بی دەشی هەریەك لەماڵەكانی خۆمانەوە بترسین و بزانین شەتڵێكی تیرۆر لەبەردەم باخچەی ماڵەكەماندا لێدراوە یان بەدەرگای خانووەكەمانەوە بۆمبێكی چێنراو هەیە! بەرهەحاڵ، ئەم كردەوە مرۆڤكوژییە بی مۆراڵە ژیانی ئەمرۆمان دەخاتە ژێر مەترسی و وامان لێدەكات لەسەر هەسارەیەكی تریش هەست بەسەقامگیریی و ئاشتی نەكەین.
ئیسلامییە بەربەرییەكان كە لەسەر (مەریخ) یش تەقینەوەیەك ڕووبدا دەیخەمە ئەستۆی ئەوان، كوشندەترین جۆری ڤایرۆس و میكرۆبی ئەم سەردەمەن، دەكری لەهەر چركەیەكدا جێگەی مەترسی بن بەهێندەی ئەوەش دەكری ئامادەبین بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان و بەرپەرچدانەوەیان.

ئەم هێزانە هەرگیز لە دیالۆگ تێناگەن و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕاو جیاوازیی تێفكرین لەلایان بوونی نییەو بگرە شتێكی نامۆیە بەعەقڵ و دینەكەیان، تەنیاو تەنیا كارێك لە بەردەمیاندا بكریو لەگەڵ كردەوە چەپەڵەكانیان گونجاوبی بریتییە لە لێدانیان بەدەستێكی پۆلاین و كێوماڵ كردنیان بەهێزو توندوتیژیی.
ئەگەر جڵەو شل بكەین و فریای ژیانی شارستانی ئەمرۆمان نەكەوین ئەوە هەر ئەم خولەكە نەك دواتر تیرۆریستە ئیسلامییەكان ئامادەن لەناویبەرن و چەرخی رۆژگار بگەڕێننەوە بۆ چاخی بەردین و شەرەشیری ئەوس و خەزرەج و دارسیواك.
جاران باوەڕم بەوە هەبوو، دەكری دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەكان بكەین و بەتوندوتیژیی وەڵامیان نەدەینەوە بەڵام ئەمێستا هەست دەكەم مەترسی ئیسلامییەكان هەروەك مەترسی نەخۆشییەكانی ئایدزو سەرەتان و نەخۆشییە درمەكانی تر وایەو جگەلە فەوتاندنیان هیچ رێگایەكی تر لەبەردەمیاندا نییە.
ئەوەی دەكری لەدوا سەرنجدا بیڵێین ئەوەیە، ناهەقی ئەو كچە ناگرم هێندە لەو مرۆڤكوژە بی ویژدانانە دەترساو تەنانەت نهۆش لەولاتەكەی خۆیدا (پۆڵۆنیا) هەست بە نائارامی بكات. هەرئەوەندە دەتوانم بێژم: هاوڕێی خۆشەویستم مادام (ئیڤانا تشوسكا) سڵاو، بەڕاستی ناهەقت ناگرم.